بەڕێز حەکیم داوای بەدی هێنانی ئەمنی خەڵکی و وەبەرهێنانی تواناکانی عێراق دەکات

لەچوارچێوەی سەردانەکەی بە پارێزگای واسیت ڕۆژی چوارشەممە بەرواری 22-2-2023 سەماحەتی عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی لە میوانخانەی شێخ عەلی سەعدون چاوی بە کەمەڵك شێخ و پیاو ماقوولان کەوت، لەم دیدارەدا بەڕێزیان باسی مێژووی هاوبەشی لەگەڵ ئەو هێزە بەڕێزە لە قەناغە گرنگەکانی مێژووی عێراق کرد و سروشتی ئەو کابەرییانەی خستە ڕوو کە دووچاری عێراق هاتوون و گوتی ئەوانە هەموو بەهەی خودای گەورە و مەرجەعیەی ئاینی پیرۆز و هێزەکانی عێراق و سەرکردە دەسزەکانی تیپەڕ بوون، ئاماژەشی کرد کە چەند لایەنێك کاریان لەسەر لەدانی عێراق بە چەندین پەڕژەی جیاواز دەستپێکرد و داوای کرد کە خەیان لە زمتنی بە ئومەدی و ڕەشبینی دوور بخەنەوە و هەوە بدەن گەشبینی و لایەنە ئەرێنییەکان دەربخەن.

سەماحەتی لە درێژەی قسەکانیدا داوای کرد کە سەرچاوەکانی داهات هەمەجەر بکرێت و وەك پشت بە تاکە داهات نەبەستێت و جەختی کرد لەسەر ئەوەی کە پێویستە وەبەرهێنان لە هەموو ڕووکان بە تواناکانی عێراق بکرێت و دووپاتی کردەوە کە دەبێت بابەتی خەڵکی تەندروست واتە ئەمنی خەڵکی لەسایەی ئەو گەڕانکارییانەی ناوچەکە و جیهان بایەخی زیاتری پێ بدرێت.

سەماحەتی پاڵپشتی خۆی دووپات کردەوە بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گوتی کە دەبێت سیستەمی ئاوەشاندنی مەدەرن و تازە دابین بکرێت بە ئەوەی ئاو بەهەدر نەدرێت و بەرهەمیش زیاتر بکرێت تا عێراق بتوانێت خەڵکی ناوچەکە دابین بکات، هەروەها داوای کرد کەرتی گەشتیاری و کرتی وەبەرهێنان و تەکنەلەژیا بە باشکردنی داهات و ئابووری وەڵات لەبەرچاو بگیرێت.